# بەشداری لە هەڵبژاردنێکدا مەکەن، کە منداڵدانی مەرگەساتەکانی داهاتووە

عەبدولامەحمود

یەکێتی وپارتی لە قیبلەنومای پاراستنی قەڵەمرەوی دەسەڵاتدارێتی خۆیاندا بەسەر خەڵکی کوردستاندا، هات وهاواری "دەنگت ئایندەیە"یان، بەدەستەوە گرتووە تا خەڵکی کوردستان راپێچی بەردەم سندوقەکانی دەنگدان بکەن. ئەو سندوقانەی تائێستا بۆنی خوێنی جەولەکانی شەری ناوخۆی دوای پێکهێنانی یەکەم ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان"پەرلەمان" لێدیت.

ساڵی 1992 هەر ئەم جەنابانە و قەڵەمە مۆڵەتپێدراوەکانیان و دەزگا زەردە راگەیەندنەکانیان بە هاتوهاواری پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی کوردی وادەی دەیان وسەدان بەڵێنی ڕەنگاورەنگ پەنجە مۆری خەڵکیان وەرگرت. کە حکومەت و پەرلەمانیان پێکهێنا نەك وادەكانی خۆیان نەبردە سەر، بەڵکو هەموو خەونە سورو سەوزەکانی خەڵکی کوردستانیان لەباربرد. لەئاشتیدا خوێنمژی و برسێتی و بێکاری و گەداییان کردە نسیبی خەڵك. لە شەریشدا گۆماوی خوێنیان خوڵقاند. ئەوکات دەنگدان ئەم ئایندەیەی بۆ خەڵکی کوردستان بەدواوەوە بوو، هاوکات تاچوارمانگ بەر لە رمانی دەسەڵاتی بەعسیش هەر ئەم یەکێتی و پارتی یە هەمیشە ئومێدیکیان بە بەعس بوو لەگەڵیان پێکبێت و بیانکاتە برابەش تا لەورێگایەوە و بەعس بگێرنەوە بۆ کوردستان.

ئێستا دەنگت ئایندەیە،وادەیکی ترە بۆ ئایندەیەکی قیزەونتر. ئایندەیەك کە دەیانەوێ بە وەرگرتنی دەنگی خەڵك رێکەوتنی لەپێشدا بڕیارلەسەردراوی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا بقەبڵێنن،رێکەوتنێك کە بەشێوەی فیفتی فیفتی لەسەری براونەتەوە، پەیامی ریکەوتنەکەشیان بەکردەوە پەیامی گێرانەوەی خەڵکی کوردستانە بۆ ژێر سێبەری دەسەڵاتێکی قەومی ئیسلامی، دەسەڵاتێك کەهیچ تەبایەکی لەگەڵ بەرەسمی ناسینی ماف یەکسان بۆ هاوڵاتیان نەك نیە، بەڵکو ئەم حوکم ودەسەڵاتە خۆی منداڵدانی دابەشکردنی هاوڵاتیانە بەرەسەن و نارەسەن، ئیسلامی شیعەو ئیسلامی سونی، عەرەبی شیعەو عەرەبی سونی، کوردی کەمایەتی و عەرەبی زۆرینە، .......تاد، لەسەر ئەم بنەمایەشەوە جوداسازی قەومی و دینی دەبێتە واقعیەتێکی تاڵ.

خەڵکی عیراق لە ناوبەرداشی ئەم جوداسازیەدا سەرئەنجام پەلکێشی روبەرووەستانەوەی یەك دەکرێن و موسیبەتەکانی رابردوی دەستی بەعس ئەمجارە قەومیەکان و ئیسلامیەکان بەسەر سەری خەڵکی دەهێنن، دیارە ئەگەر ئاکامی هەڵبژاردنە گاڵتەجاریەکە خۆی نەبێتە فتیلەی شەری قەومی وتایفی و مەزهەبی.

بەڵێ یەکیتی و پارتی ئەمجارە پەیامی ئەوەی کە بەشداری خەلك لەو هەلبژاردنانەدا چارەنوسسازەو سەنگی کورد لە دەسەڵاتدا زیاد دەکات و فدرالیزم لە دەستوری هەمیشەیی دا جیگیر دەکات، وادەیەکە لە پاڵ دەیان وادەو بەڵێنی رەنگاورەنگدا پەخش دەکرێت، ئەم وادەو بەڵێنانە بەجیا لە ناوەروك بۆشیەکەیان، گەورەترین خوشباوەری و قیزەونترین پیلانە لەدژی خەڵکی کوردستان.

یەکیتی و پارتی چ لە پەرلەمانی عیراقدا بن چ گیان بکەنەوە بەبەر پەرلەمانی کوردستاندا وەکو هەمیشە ناتوانن نوینەری خواستەکانی خەلکی کوردستان بن،ئەگەر خواستی خەلکی کوردستان ژیانیکی ئاسودەو چارەنوسیکە کە پلە دوو نەبن، هاولاتی ماف یەکسان بن، لەداهاتی وولات بەهرەمەند بن، ئازادی و مافە فەردی ومەدەنیەکانیان مسۆگەر بیت، ئازادبن لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا بەوجۆرەی خۆیان ئیرادە بکەن، ئەوا خواستی یەکیتی و پارتی سەرجەم بزوتنەوەی کوردایەتی خواستی بەشداربونە لەدەسەڵاتی مەرکەزی و دریژەدانە بەدەسەلاتداریتی ئیستایان بەسەر خەلکی کوردستاندا، ئەو دەسەڵاتەی زیاتر لە 13 سالە بۆتە هەگبەی مەرگەساتە یەك لەدوای یەکەکان بۆ خەلکی کوردستان و نیعمەت و خیروبەرەکەت بۆ سەرانی ئەم حزبانە.وادەو خەونەکانی خەلکیش ژیر پی خراوە،لە هەلبژاردنی سالی 1992 دا بەخەلکی کوردستانیان دەوت دەنگ بدەن بە پەرلەمان و حکومەتی کوردی لە بەرامبەر بەعسدا، ئەمجارەش دەلین دەنگ بدەن بە ئیمەو پەرلەمانی کوردی لەبەرامبەر شیعەی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەبدا.ئەوکات چ کویرەوەری و موسیبەتیکیان بەیاری هینا بۆ خەلکی کوردستان دوای هەلبژاردن، ئەمجارەش هەمان هەمان خیرو بەرەکەت بەلام جەرگبرتر و کارەساتبارتر بەسەر خەلکی کوردستان ئەهینن،بۆیە نابیت خەلکی کوردستان بەشداری ئەم گالتەجاریەی هەلبژاردن بن.